# ژیاندنەوەی چەپی سیاسی لە کوردستاندا

د.کەمال سەید قادر

بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی هیچ هزرێکو بزوتنەوەیەک نەیتوانیوە بە قەدەر بزوتنەوەی چەپ خزمەتی مرۆڤایەتی بکات.

خستنە ڕێ ی پرۆسەی بە مرۆڤکردنی ژیانی کۆمەلگاو، پاراستنی کەرامەتی مرۆڤو، چەمکی یەکسانیو، دلفراوانیو، دادگوزاری کۆمەلایەتیو، ئامادەگی بۆ گۆڕانکاریو نوێکاری، بەربەرەکانی کردنی کەلەکە کردنی سامانو دەسەلات لە دەست ژمارەیەکی کەم لە کەسانو، ئازادی تاکەکەسو، بەشداری کردنی فراوانترین بەشەکانی کۆمەلگا لە بڕیارەرەکانی دەولەت وە هەتا پاراستنی ژینگەش، ئەمانە هەر هەمویان لە ئامانجە سەرەکی یەکانی بزوتنەوەی چەپن وە بەشێکیشیان تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە.

بزوتنەوەی چەپ هەرچەندە تێکەلاوی یەکی زۆری هەیە لە گەل هزری سۆسیالیزم، بەلام بزوتنەوەیەکی چەپ مەرج نی یە بزوتنەوەیەکی سۆسیالیستی بێت، چونکە بیرۆکەی سۆسیالیزم خۆی لە خۆیدا ئایدۆلۆجی یەکی سەربەخۆ نی یە بەلکو سیستەمێکی ئابوری یە، باوەڕی بەوە هەیە کەوا بوارە گرنگەکانی ئابوری، وەکو کانزاکانو خزمەتگوزاری یە سەرەکی یەکان دەبێت مولکی گشتی بن نەک ملکی تایبەت، بە پێچەوانەی سیستەمی کەپیتالیستی کەوا باوەڕی بە ملکی یەتی تایبەت هەیە. هەربۆیەش بزوتنەوەیەکی چەپ دەتوانێت لە شێوەی حزبێکی لیبرالی بێت کەوا باوەڕی هەم بە بازاڕی ئازاد هەیەو هەم ملکی یەتی تایبەتیش، یاخود حزبێکی کۆمۆنیستی یا سۆسیال دیمکرات بێت، یاخود هەتا بزوتنەوەیەکی ئاینی بێت وەکو بزوتنەوەی مەسیحی ئازادی خوازەکانی ئەمریکا یاخود بزوتنەوەیەکی ئیسلامی کەوا کەسانیو دادگوزاری کۆمەلایەتی کردبێتە دروشمی خۆی. بە پێچەوانەشەوە حزبێک دەتوانێت ئەوپەڕی ڕاسترەو بێت وە لە هەمان کاتیشدا باوەڕی بە سۆسیالیزم هەبێت هەروەکو حزبی نازی یەکانو بەعسی یەکان.

هەرچەندە بزوتنەوەی چەپ ئێستا بالادەستە لە جیهاندا وە چەندەها پارتی چەپ لە ولاتە جیاجیاکان یاخود بە شێوەیەکی بەردەوامی لە سەر حوکمن وەکو پارتی کۆمۆنیستی چینو ڤیتنام، یاخود لە ڕێگای هەلبژاردنەوە بۆ ماوەی جیا جیا دێنە سەر حوکم وەکو پارتە سۆسیالدیموکراتەکانو، سەوزو لیبرالەکان لە ئەورپاو سیستەمە دیمکراسی یەکانی تر. بەلام لەم سەردەمەدا وە بە تایبەتی پاش

ڕوخانی بلۆکی سۆڤیەت، بزوتنەوەی چەپ ڕوبەڕوی بەربەرەکانی یەکی توند دەبێتەوە لە لایەن هێزە ڕاسترەوو کۆنزێرڤاتیڤەکان، بە جۆرێک کەوا خەریکە هەڕەشە لەو دەسکەوتە ئابوریو، سیاسیو کۆمەلایەتی یانە دەکات کەوا گەلان لە سایەی بزوتنەوەی چەپەوە بە دەستیان هێناوە.

ئەم دیاردەیە زیاتر لە جیهانی سێ یەم بە دی دەکرێت، چونکە گەلانی ئەم بەشەی جیهان بە جۆرێکی وا ڕێکۆپێک ڕێکنەخراون، وەکو گەلانی ولاتە پێشکەوتوەکان تاکو بتوانن داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بکەن، یاخود هەر کەم ئاگاداری ئەم مافانەن.
بۆیە دەبینین دیاردەی چەوساندەوەو نیمچە کوێلایەتی وا خەریکە بە شێوەیەکی ترسناک لە جیهانی سێ یەمدا پەرە دەسێنێت.

کوردساتنیش وەکو بەشێک لە جیهانی سێ یەم بە شێوەیەکی قورس کەوتۆتە بەر شالاوی چەوساندنەوەی ئابوریو کۆمەلایەتو  سیاسی.
ئەو بارەی ئێستا لە کوردستاندا باوە، دەتوانرێ لە ڕاستیدا بەراورد بکرێت لە گەل باری سروشتی کۆمەلگایەک پێش قۆناغی گرێبەندی کۆمەلایەتی، واتە ژیانی کۆمەلگایەکی سەرەتایی ڕێکنەخراو کاتێک هێز بەشی هەرکەسێک لە داهاتو سامان دیاری دەکات نەک ئەوەی کۆمەلگاکە خاوەن دەسەلاتێکی سیاسی بێت چاودێری ئەوە بکات کەوا کەسانی خاوەن هێز دەستدرێژی نەکەنە سەر بەشی خەلقی بێ هێز.

دەسەلاتی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان نەک هەر ناتوانێت یاخود نایەوێت بە ئەرکی سەرشانی خۆی بۆ پاراستنی مافەکانی تاکە کەس هەلسێت، بەلکو خۆی بۆتە ئەو لایەنەی کەوا دەستدرێژی دەکاتە سەر مافی هاولاتیان لە ڕێگەی بە کار هێنانی هێزەوە. خۆ دەولەمەندکردنی کەسانو بنەمالەکانی سەر دەسەلات لە سەر حسابی هاولاتیان، مۆنوپۆلکردنی دەسەلاتی سیاسی  لە سەر بناغەی ویراسی لە لایەن چینی دەسەلاتدار وە دابەشکردنی کۆمەلگا بە سەر چینی سەروو خوارو لە سەر بناغەی ڕەچەلەکو عەشیرەت، تەنها بەشێکن لە خاسلەتە سەرەکی یەکانی کۆمەلگایەکی کێوی سەرەتایی.

ئۆمید نی یە، وە لە مێژوش نەمزانیوە ڕویدابێت کەوا چینێکی خاوەن ئیمتیاز بە ئارەزوی خۆی وازی لە ئیمتیازاتەکانی هێنا بێت، بەلکو هەردەم گەل سنوری بۆ داناوە. ئەم ڕاستی یەش بە هەمان شێوە چینەکانی خاوەن ئیمتیازات لە کوردستان دەگرێتەوە، بە تایبەتی هەردو حزبی سەرەکی کەوا بە ڕەوالەت کێبڕکی یانە لە سەر بون بە سۆسیال دیمکرات، بەلام لە ڕاستیدا بونەتە دوو عەشیرەتی دواکەوتو وە خەمی سەرەکی سەرکردەکانیان بریتی یە  لە بە دەستهێنانی دەسەلاتو سامانی زیاتر.

حزبە بچوکەکانی کوردستانیش چونکە زۆربەیان بریتین لە لاسایی کردنەوەی هەردو حزبی سەرەکی، ئەوا سەرکردەکانیان بە پاداشتێکی کەم قایل دەکرێن. حزبە ئیسلامی یەکانیش کەوا تا ڕادەیەک جەماوەرێکی فراوانیان هەیە لە کوردستان ناتوانن ڕۆلی ئۆپۆزیسیۆن ببینن چونکە بەستراونەتەوە بە داوی تێرۆر، واتە هەر کاتێک بتوانن ببنە خەتەرێک لە سەر ئیمتیازاتی چینی دەسەلاتدار ئەوا

دەتوانرێ تۆمەتی تیرۆریان بخرێتە پاڵ. هەر بۆیەشە ئەم حزبانە كڵاوی خۆیان گرتوە وە چاوەڕوانی كاتی گونجاو دەكەن، ئەگەرنا زیندانەكان چاوەڕوانیانە. لە سیستەمێكی سیاسی لەم جۆرەدا زەحمەتە ئۆپۆزیسیۆنێكی ڕاستەقینە بتوانێت سەر هەڵبدات.

حزبی تری بچوكیش هەن كەوا بە هەمو پێوەرێک حزبی مۆدێرنو چەپن، بەڵام ئەمانە لە بەر هۆی جیا جیا ناتوانن ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینە ببینن.

حزبی شوعی كوردستان یەكێكە لەم حزبانە كەوا ترادیسیۆنێكی پاكو سەربەرزی هەیە وە تا ڕادەیەک خەلقی دلسۆزو ڕۆشنبیریشی لە گەڵدایە هەرچەندە دەرامەتییشی زۆر كەمە. بەڵام ئەم حزبە نەیتوانی هەروەكو لێ ی چاوەڕوان دەكرا ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن ببینێت وە ببێتە نوێنەری خەلقانی بەشخوراوی كوردستان.
هۆكاری سەرەكی سڕبونی حزبی شوعی كوردستان لەوانەیە هەرەسهێنانی بلۆكی سۆڤیەت بێت بە جۆرێک وای كرد كە وا زۆر لە حزبە كۆمۆنیستەكانی جیهان متمانەیان بە خۆیان لاواز بێت وە هەنگاوی زۆر لە سەرخۆو ئاگادارانە بهاوێژن تاكو بە چارەنوسی هەندێک لە حزبە كۆمۆنیستەكانی ئەوروپا نەگەن.
حزبی شوعی كوردستانیش لە هەرێمێكدا كەوا ئەمریكا دایمەزراندوە وە پارێزگاری دەكات بە زەحمەت دەتوانێت ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینە ببینێت، بۆیە بە ناچاری ڕێگایەكی مامناوەندی هەڵبژاردوە، لە لایەكەوە كەمێک ڕەخنە لە دەسەلات دەگرێت، لە لایەكەی تریشەوە هاوكاری دەسەلات دەكات.

بەڵام وا دیارە هەڵوێستی سستی حزبە چەپەكانی وەكو حزبی شوعی كوردستان چەپەكانی كوردستانی بە لیبرالو ماركسی یەكانەوە نیگەران كردوە، بە تایبەتی لە كاتێكدا كەوا ناعەدالەتی بە هەمو جۆرەكانی یەوە لە كوردستاندا پەرەی سەندوە. هەر بەهایەكی چەپەكان باوەڕیان پێ ی هەبێت ئێستا لە كوردستاندا بە توندترین شێوە پێشێل دەكرێت.
هیچ دیمەنێک لەوە دلتەزێن تر نی یە كاتێک مرۆڤێكی چەپ ببینێت پۆل پۆل خەلق لە بەردەم ڤیلا زلەكان سوال بكەن، یاخود خێزانی بێ ڕێوشوێن لە ژێر چادرو كۆریتدا بە سەركەنەوە، ببینن چۆن منالان زیاتر لە دوانزە كاتژمێر لە سەر شەقامەكان بە دیار سنوقی پێلاو بۆیە كردنو لەگەنە گولەبەڕۆژەوە دابنیشن یاخود ببین چۆن نوسەرێک لە سەر نوسینی چەند دێڕێک ڕاپێچی زیندانو دادگا دەكرێت.

دیارە چەپەكانی كوردستانیش گوێ یان لەم زەنگە بوە كەوا كەوا ئێستا لە سەرتاپای جیهان بۆ خەلقانی ڕەشوڕوتو بەشخوراو لێ دەدات، ئاگاداریان دەكاتەوە كەوا لافاوێكی نوێ ی چەوساندنەوەو بە كوێلە كردن بە ڕێوەیە، دەبێ بەنداوێكی پتەو دروست بكەن بۆ ڕێگە گرتن لە م لافاوە بۆرە نوێ یە كەوا خەریكە هەڕەشەی ڕامالین لە بە شێكی فراوانی خەلق دەكات.
دیاردەیەكی ئاساییشە ئەگەر ئێستا لە كوردستاندا بزوتنەوەیەكی چەپی چالاک سەرهەلبدات، بەلكو هەر ڕێگایەكی تری بەرگری كردنیش نی یە، چونكە دەسەلاتی كوردستانی بە هەلسوكەوتی

ڕاستڕەوانەی خۆی وەکو تێزێک، ئەنتی تێزی خۆی بەرهەم دێنێت. ئەم ئەنتی تێزەش دەتوانێت تەنها بزوتنەوەیەکی چەپ بێت. بۆیە ئێستا هەوالی دامەزراندنی پارتی لیبرالی کوردستان، وەکو پارتێکی سۆسیال لیبرال، وە پارتی چەپی کوردستان، وەکو پارتێکی زیاتر مارکسی، لە لایەن خەلقانی بەش خوراوەوە ئومێدێکیان خولقاندوە وە لەوانەشە خەلقێکی زۆریشیان لە دەوروبەری کۆببێتەوە، چونکە تەنها کاری سیاسی ڕێکخراو دەتوانێت گۆڕانکاری لە نێو کۆمەلگادا بێنێتە دی.

بەلام بە ڕای من بزوتنەوەیەکی چەپی نوێ ئەگەر بیەوێت سەرکەوتو بێت، دەبێت، بە سود وەرگرتن لە ئەزمونەکانی خۆمالیو بیانی چەند مەرجێک پڕ بکاتەوە لەمانە:

1. دورکەوتنەوە لە ململانێ ی ئایدۆلۆجی: واتە بزوتنەوەکە دەبێت دەبێت لە شێوەی بەرەیەک بێت کەوا بتوانێت هەمو کەسانی چەپ بە لیبرالو، کۆمۆنیستو ئیسلامیشەوە لە خۆی بگرێتەوە. باشترین ڕێگەش بۆ گەیشتن بە م ئامانجە بەرزکردنەوەی دروشمە بنەڕەتی یەکانی بزوتنەوەی چەپە وەکو یەکسانیو، دادگوزاری کۆمەلایەتو بەربەرەکردنی سیستەمی ویراسی حوکم کەوا هەمو لایانی چەپ لە سەری کۆکن.
2. بزوتنەوەیەکی واقیعانە بێت: واتە ئامانجو بنەمای تیۆریو هەلسو کەوتی ڕۆژانەی ئەم بزوتنەوەیە دەبێت بگونجێندرێت لە گەل ترادیسیۆنی کوردستانی، چونکە هیچ کۆمەلگایەک بە شەوو ڕۆژێک ناگۆڕدرێت. حزبی کۆمۆنیستی چینی نهێنی سەرکەتنەکەی زیاتر لەوەدایە کەوا هزری مارکسی لە گەل ترادیسیۆنی چینی گونجاندوە.
3. بوێری: بزوتنەوەکانی چەپ هەر لە سەرەتای پەیدابونیانەوە بە بوێری ناسراون هەر بۆیەشە بونەتە باوکی شۆرشە مەزنەکانی مێژو. هەر بزوتنەوەیەکی چەپی نوێش لەم ڕێبازە لا بدات ئەوا توشی باداری دەبێت بۆیە بزوتنەوەیەکی چەپی کوردستانی دەبێت هەر لە سەرەتادا بە ڕاشکاوانە وە بە کردار بچێتە دوای ئامانجەکانی خۆی وە چاو لە ناو چاوی گیروگرفتە کۆمەلایەتیو سیاسی یەکانی کوردستان بنێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان. کاتەکەش لە کوردستان بۆ ئەم بەرنامەیە زۆر گونجاوە چونکە وەکو لای هەمومان ئاشکرایە ئەو هەرێمەی کوردستان کەس بە تەنیا داینەمەزراندوەو مولکی هیچ حزبێکو بنەمالەیەکیش نی یە بەلکو هەر دامەزراوێکی نێودەولەتیشە، یاخود لە ڕاستیدا ئەمریکا پالپشتی دەکات بۆ پاراستنی خەلقی کوردستان لە پێشێلکاری یە قورسەکانی مافی مرۆڤ نەک لە بەر خاتری چاوی هیچ دەسەلاتدارێک بە کاری بێنێ بۆ خۆدەولەمەندکرنو مۆنۆپۆل کردنی دەسەلات. لە ڕاستیشدا دەسەلاتی هەردو حزبی سەرەکی ناتوانن بە ئارەزوی خۆیان ئۆپۆزیسیۆن بچەوسێننەوە چونکە لە ژێر چاودێری نێودەولەتین. بە تایبەتی ئەمریکا زۆر بە پەرۆشە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیمکراسیەت لە کوردستاندا تاکو بە جیهانی پشان بدات کەوا قوربانی یەکانی لە عێراق بە خۆڕایی نەبون. جا بۆیە ئۆپۆزیسیۆنی

کوردستانی دەبێت ئەم هەلە بقوزێتەوە وە هەرچی مافی دیمکراسی هەیە سودی لێ وەرگرێت. دەسەلاتی کوردستانی ناتوانێت ئەمڕۆ هیچ کەسێک لە سەر کاری سیاسی یاخود ئازادی ڕادەربڕین بچەوسێنێتەوە لە ترسی کۆمەلگای نێو دەولەتی، وە ئەگەر جارێک سنوری خۆشی بەزاندبێت ئەوا زوو تەمبێ کراوە وە پەشیمان کراوەتەوە. نمونەی ئەمەش هێرشەکەی لایەنێکی خاوەن دەسەلاتە بۆ سەر بارەگاکانی یەکگرتوی ئیسلامی لە دهۆک، بەلام دوایی زوو لە ژێر پالەپەستۆی ئەمریکی یەکان هێرشەکە ڕاگیرا وە قەرەبوی زیانەکانی یەکگرتوش کرایەوە. نمونەیەکی تر ئەو بوختانەیە کەوا بۆ پارتی چارەسەری کوردستان لە هەولێر هەلبەسترا، کەوا گوایە دەستیان لە تیرۆر هەبوە وە چەند ئەندامێکیشیان بەم تۆمەتە زیندانی کران، بەلام پاش ئەوەی سەفارەتی ئەمریکی پێشوازی لە لێپرسراوانی ئەم پارتە کرد بوختانەکان هەمو پوچەل کرانەوە وە گیراوەکان ئازاد کران. پارتی چارەسەری توانی سزاییش داواکاری لە سەر وەزارەتی ناوخۆ تۆمار بکات. ئۆپۆزیسیۆنو هۆیەکانی ڕاگەیاندنیش دەبێت سود لەم بارە گونجاوە وەرگرن وە بەو پەڕی نەترسی یەوە کارەکانی خۆیان بە پێ ی یاساکانی مافی مرۆڤ ئەنجام بدەن چونکە دەسەلاتی کوردی ئەوە نی یە کەوا ئەوان لێ ی دەترسن، بەلکو سنوری خۆی بۆ دیاری کراوە وە چاودێریشی دەکرێت.

4. دیمکراسیەت: بزوتنەوەکە دەبێت نەک هەر باوەڕی تەواوی بە دیمکراسیەت هەبێت، بەلکو دەبێت لە نێو ڕیزەکانی خۆشیدا بە تەواوەتی پەیڕەوی بکات. ئەمەش لە ڕێگای میکانیزمێکەوە دەبێت کەوا نەهێلێت بە هیچ جۆرێک دیاردەی سەرکردەی مەزنو هەمیشەیی سەرهەلبدات، هەروەکو لە ڕیزی هەندێ لە حزبەکانی بە ڕەوالەت دیمکراسی لە کوردستاندا بونی هەیە. دەشبێ بزوتنەوەکە دورکەوێتەوە لە سیستەمی دیمکراسی مەرکەزی وە ڕێگا بە هەمو ئەندامانی بدات بە ئاشکرا ڕەخنەی لێ بگرن وە بە بێ مەرج.

5. ئاین: بزوتنەوەکە نابێت بە هیچ جۆرێک ببێتە سەنگەرێک بۆ دژایەتی کردنی هیچ ئاینێک چونکە ئاین تایبەتمەندی یەکی کەسایەتی یە وە پەیڕەوکرنیشی مافێکە یاسای نێوە دەولەتی بۆ هەمو کەسێکی دابین کردوە. هەرەسهێنانی مارکسی یەکان لە جیهانی ئیسلامی بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنیان لە کاریگەری ئاین لە سەر ئەم کۆمەلگایانەدا.

6. چالاکی ناوخۆو نێو دەولەتی: ئەم بزوتنەوەیە دەبێت هەتا بتوانێت وە هەر لە سەرەتاوە پەیوەندی یە نێو دەولەتی یەکانی خۆی بە هێز بکات وە هەمو شێوەیەک خۆی بە جیهان بناسێنێت تاکو ئەم جۆرە پەیوەندی یانە لە لایەکەوە ببنە قەلغانێک دژی دەستریژی یەکانی دەسەلات، وە دووەم کۆمەلگای کوردیش وەکو کۆمەلگایەکی مۆدێرن بە جیهان بناسێنێت. لە ئاستی ناوەخۆش زۆر پێویستە پەیوەندی یەکان لە گەل جەماوەر ڕاستەوخۆو مەیدانی بن، واتە بە شێوەیەکی بەردەوام ئەندامانی ئەم بزوتنەوەیە پەیوەندی لە گەل خەلق لە شوێنە گشتی یەکان ببەستن. سیاسەت بە

زۆری لە سەر شەقام دەکرێت.

7. ڕاگەیاندن: پێشکەتنی تەکنۆلۆجی هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەرفەتێکی بێ سنوری سازداوە بۆ کاری سیاسی بۆیە بزوتنەوەیەکی سیاسی مۆدێرن دەبێت گرنگی یەکی زۆر بەم بوارە بدات وە پسپۆری بۆ ئامادە بکات تاکو بتوانێت بە کەمترین خەرجی زۆرترین ژمارەی خەلق لە مافەکانی خۆیان ئاگادار کاتەوە.

8. ئەکتسۆنیزم: کۆمەلگای کوردی کۆمەلگایەکە زۆر شت بە چاو هەلدەسەنگێنێ، واتە دەیەوێت ببینێت چ کارێکی بۆ دەکەیت وە ئەگەر کارەکەشت کرد دەبێت زۆر قسەی لە سەر بکەی بۆ هاندانی زیاتری خەلق بۆ تێ کەل بون لە گەل بەرنامەکانی بزوتنەوەکە. بۆ ئەم مەبەستەش باشترین ڕێگا دامەزراندنی سەنتەرێکی یاسایی یە بۆ پاراستنی مافی هاولاتیان لە هەمو بوارەکانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابوری وە ئیداری. لە کوردستاندا دەسەلاتی ڕاپەڕاندن بە زیاترین پێشێلکاری مافی مرۆڤ هەلدەسێت بۆیە دەبێت سنورێک بۆ ئەم دیاردەیە دابنرێت، ئەمەش لە ڕێگای سەنتەرێکی لەم جۆرەوە دەتوانرێت کاری باشی بۆ بکرێت. ئەم سەنتەرە هەم دەبێ گەندەلی ئیداری ئاشکرا بکات، وە هەم لە لایەنی یاساییشەوە بەربەرەکانی بکات، لە ڕێگای تۆمارکردنی داواکاری لە دوای داواکاری دژ بە کاربەدەستانی گەندەل.

9. مافی کەمایەتی یەکان: پێوەری سەرەکی بۆ شارستانی یەتی کۆمەلگایەک، ڕیزگرتنی ئەم کۆمەلگایەیە لە مافی کەمایەتی یە ئاینیو، ئێتنیو کۆمەلایەتی یەکان. بزوتنەوەیەکی چەپی کوردستانیش دەبێت خۆی بکاتە زمان حالی کەمایەتی یەکان وە لە ڕاستیشدا ئەمە ئەرکی بزوتنەوەیەکی چەپە.

سەرەتای سەرهەلدانی بزوتنەوەیەکی لەم جۆرە بە هیچ جۆرێک لە لایەنی لۆجیستیو ڕێکخستنەوە کارێکی وا ئاسان نی یە، بەلام مەحالیش نی یە. من لە یادمە چۆن بزوتنەوەی سەوزی نەمسا لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردو بە سادەترین توانا دەستی پێ کرد، وە ئێستاش دەبینم چۆن ئەم بزوتنەوەیە بۆتە هێزێکی سەرەکی نێو پەرلەمانی نەمساوی. بزوتنەوەیەکی نوێ ی چەپی کوردستانی بە هەمان جۆر دەتوانێت سەرکەوتن بە دەست بهێنێت ئەگەر کاری بۆ بکرێت.